# تێرامانێک لە جینۆساید، ڤیتا ئەکتیڤای هانا ئارێنت

ئیسماعیل حەمەئەمین*

لەم کتێبە ئاڵۆزەیدا هانا ئارێنت گۆشەیەکی دیکەی ژیانی مرۆڤ ڕوون دەکاتەوە کە کەرتبوون و دابەشبوونی مرۆڤە لەنێوان کار، بەرهەمهێنان و مامەڵەکردندا، کە مامەڵەکردن، وردبوونەوە و بیرکردنەوە و تێڕامانی پێویستە بە مانای (ڤیتا کۆنتێمپلاتیڤایە) یاخود (زیندە-تێڕامان)ە کە کردەی بیرکردنەوەیە، دوورە لە دەست لێدانی سروشت و کردنی ماتریاڵە بە شتێکی دیکە، وەک چۆن لە بەرهەمهێناندا ئەم پڕۆسەیە دەبینین. لێرەوە فۆرمی ژیان و پرسیارەکانی مامەڵەکردنمان و مردن، نەمردوویی و نەمری لەگەڵ کار و ژیاندا تەوەری گرنگی ئەم کتێبەن.

''ڤیتا ئەکتیڤا''یە؛ بە سادەیی مانای ژیانی زیندەگی و ژیانی چالاک دەگەیەنێت، فۆرمێکی زیندەگییە لە ژیان. هانا ئارێنت لە کتێبەکەیدا (ڤیتا ئەکتیڤا- Vita Activa) ئاماژە بە چەندین چەمک و تێگەیشتن دەدات دەربارەی مانای ڕاستەقینەی ژیان، ئەو گرفتەی؛ ئایا مرۆڤ سەرقاڵی کار و بەرهەمهێنان بێت وەک دروستکردن و ژیانی پڕاکتیکی یا خود سەرقاڵ بێت بە وردبوونەوە و تێڕامان و بیرکردنەوە لە ژیان؟

بەشی یەکەمی ئەم کتێبەی هانا ئارێنت بۆ ئەم پێشەکییە گرنگە، بەتایبەت بۆ تێگەیشتن لەو (سوبێکتە ئایشمانە)ی بیر ناکاتەوە. ئەو خودەی تەنها فەرمان جێبەجێکردن و بەرهەمهێنانی لەلا گرنگە، وەک لەوەی بیر بکاتەوە لەو شێوازە ژیانەی خۆی و ئەوانی تر کە تێیدا دەژین. فەرمان جێبەجێکردن و کارکردن دەخاتە سەرووی هەموو شتێکەوە، وەک لەوەی بیر لەوە بکاتەوە، کە ئەو ئەرک جێبەجێکردنەکەی لە کوێی کۆمەڵگە و مرۆڤەکانی دەوروبەریدایە، خزمەتی چ جۆرە شێوازی ژیان و فۆرمێک لە ژیان دەکات. ئەم خودە ناومان ناوە ''خودی ئایشمانی'' وەک ئاماژەیەک بۆ ئادۆلف ئایشمان- Adolf Eichmann گەورە فەرمانبەری نازی کە لە شەستەکاندا لە یازدەی مای ساڵی ١٩٦٠ لە ئەرجەنتین دەستگیر دەکرێت و دیپۆرتی ئیسرائیل دەکرێت و، لە ئیسرائیل دادگایی دەکرێت. دوای دادگایییەکی دووروودرێژ لە ساڵی ١٩٦٢ لەسێدارە دەدرێت. لە دادگایییەکەیدا ئەویش وەک سەرانی بەعس بەردەوام دەیگوت؛ من تەنها ئەرکی خۆم دڵسۆزانە بەرانبەر دەوڵەت جێبەجێ کردووە.

لێرەوە گرنگیی هانا ئارێنت و تێزەکانی دەردەکەوێت بۆ تێگەیشتن لە جینۆساید و ئەو ئەقڵەی لە پشتییەوە وەستاوە، بەتایبەت لە کتێبە بەناوبانگەکەی ''ئایشمان لە ئۆرشەلیم، ڕاپۆرتێک دەربارەی کاڵفامیی خراپەکاران''. ئایشمان وەک لە ڕاپۆرتەکانی هانا ئارێنتدا هاتووە کە؛ مرۆڤێکە لە دەرکەوتیندا هۆشیارە و لێزانانە بە زمانێکی باڵا بەرگری لە خۆی دەکات. خوێنەرێکی سەختی باوکی ئەقڵانییەتی ئەڵمانی، ئیمانۆێیل کانت (Immanuel Kant)ە، بێگومان ئەم خودە ئەم (سوبێکتە ئایشمانییە) لە مێژووی ئێمەی کورددا و بەتایبەتی لەناو بەعسییەکاندا جارێکی تر خۆی کۆپی دەکاتەوە. خۆ گەر ئاورێک لە دادگایی کردنی سەدام حوسێنی دیکتاتۆر و بەعسییەکانیش بدەینەوە، دەبینین بەردەوام وەک چۆن ئایشمان بە ئەڵمانییەکی باڵا و دەستەواژەی ئێمانۆێیل کانت بەرگری لە خۆی دەکرد، ئاوەها بەعسیەکانیش و بەتایبەت سەدامی دیکتاتۆر بە عەرەبییەکی باڵا و بە چەمک دەستەواژەی سیاسی قسەیان دەکرد و بەتایبەت سەدامی دیکتاتۆر بە دەستەواژەی قورئانەکەی دەستی، بەرگری لە خۆی دەکرد. لەم گۆشەنیگایەوە هانا ئارێنت بەوە ناوەستێت و ئیدانەی تاوانەکانی نازییەکان بکات کە ئایشمان لە ترۆپکی فەرمانبەرە باڵاکانی بوو، نەخێر، لای ئەو؛ ئایشمان دیاردەیەکە، ئەگەرێکە لە هەناوی مۆدێرنەوە سەری هەڵداوە و، ئەگەری لەدایکبوونی ئایشمانی دیکە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، ئەگەرێکی کراوەیە.

ئایشمان بەو زمانە ئەڵمانییە باڵایە کانتییە، لە دادگادا بەرگری لە خۆی دەکرد. بە مەزندەی خۆی بەرگری لە تێزێکی کانت دەکرد بەوەی؛ کارکردن و ئەرک جێبەجێکردن لە ژیاندا، لە سەرووی هەموو شتێکەوەیەوە، لە سەرووی هەست و سۆزی تایبەتەوەیە. دەوڵەت قەوارەیەکە و نوێنەری کۆمەڵگەیە و دەبێت تاکەکان لە

کاری دەوڵەتیدا یاساکان جێبەجێ بکەن... بێگومان لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوە بدەین کە هانا ئارێنت وەک ڕۆژنامەنووسی ڕۆژنامەی نیۆورکەر ئامادەی دادگاییەکەی ئایشمان دەبێت و زنجیرەیەک گوتار بڵاو دەکاتەوە. لەو بڕوایەدایە کە پێناسەکردنی ئایشمان وەک دڕندە کورت دەهێنێت و تەنها دادگاییەکە بۆ مەبەستی ڕەواخوازکردنی توندوتیژیی دەوڵەتی ئیسرائیلییە لە ناوچەکەدا. دەنا خودی ئایشمان بە ڕای هانا ئارێنت ئەو ''خودەیە کە بیر ناکاتەوە'' ئەو خودەیە نمایشی زانین و نابیرکردنەوە دەکات، بە مانای ''خودێکی کاڵفامە—بەناڵە'' بەرانبەر دونیا و بەرانبەر چەمکی کارکردن و مامەڵەکردنی دروستانە لەگەڵ ژیاندا.

لێرەوە بە ڕای من، کتێبی ''ڤیتا ئەکتیڤا'' کە پێشتر لە ساڵی ١٩٥٨دا هانا ئارێنت بڵاوی کردبووەوە، گرنگە بۆ تێگەیشتن لە چەمکی (کاڵفامی ـ بەناڵ ـ Banal) خراپەکاران لە کتێبی ''ئایشمان لە ئۆرشەلیم'' کە لە ١٩٦٣ بڵاو دەبێتەوە. چونکە دیوێکی دیاری ''بەناڵەکان \ کاڵفامەکان'' ئەوەیە کە بیر لە دەرئەنجامی کارەکانیان ناکەنەوە و تەنها ئەرکەکانیان جێبەجێ دەکەن، خۆیان و بەرژەوەندیی خۆیان و شوێنی خۆیان دەپارێزن و هیچی تر. هەربۆیە ئەم دوو کتێبە تەواو تێکهەڵکێشی یەکترن. پێم وایە کتێبی ''ڤیتا ئەکتیڤا'' و تێزەکانی دەربارەی کار و بەرهەمهێنان و تێڕامان، چەمکە سەرەکییەکانی خوێندنەوەی پراکتیکی ئارێنتن بۆ `خودێکی ترسناک` کە لە هەناوی مۆدێرنەدا، فاشیزم و نازیزمی بەرهەم هێناوە. خودێک کە جینۆسایدی کردووەتە ئەقڵانییەتێکی سیستماتیکراو و لەژێر ناوی ئەقڵانییەت و (جیهان ڕزگارکردن) خۆی نمایش دەکات.

ئەم کتێبە گرنگە بۆ تێگەیشتن لە کتێبی ''ئایشمان لە ئۆرشەلیم'' بەوەی ئەم کتێبە فەلسەفییە بەوردی دێتە ناو وردەکارییەکانی چەمکی ژیانی چالاک (ڤیتا ئەکتیڤا- Vita Activa) و ژیانی پڕ تێڕامان و وردبوونەوە یان زیندەگی- تێڕامان (ڤیتا کۆنتێمپلاتیڤا-Vita Contemplativ) بەم شێوەیە ئەم `خودە ئایشمانییە` لە هەناوی مودێرنەدا ئامادەیە و دەرهاویشتەیەکی ترسناکی ئەقڵی مۆدێرنەیە کە بیر ناکاتەوە. لەجیاتی ئەوەی شێوازی ژیانی چالاک ''ڤیتا ئەکتیڤا''ی خۆی بخاتە بەر چاودێری و زیندە- تێڕامانەوە، دێت کوێرانە لە ئاپاراتووسێکی ترسناکدا ئەرکی بەرهەمهێنان و کاری خۆی جێبەجێ دەکات.

لەم کتێبە ئاڵۆزەیدا هانا ئارێنت گۆشەیەکی دیکەی ژیانی مرۆڤ ڕوون دەکاتەوە کە کەرتبوون و دابەشبوونی مرۆڤە لەنێوان کار، بەرهەمهێنان و مامەڵەکردندا، کە مامەڵەکردن، وردبوونەوە و بیرکردنەوە و تێڕامانی پێویستە بە مانای (ڤیتا کۆنتێمپلاتیڤایە) یاخود (زیندە-تێڕامان)ە کە کردەی بیرکردنەوەیە، دوورە لە دەست لێدانی سروشت و کردنی ماتریاڵە بە شتێکی دیکە، وەک چۆن لە بەرهەمهێناندا ئەم پڕۆسەیە دەبینین. لێرەوە فۆڕمی ژیان و پرسیارەکانی مامەڵەکردنمان و مردن، نەمردوویی و نەمری لەگەڵ کار و ژیاندا تەوەری گرنگی ئەم کتێبەن.

سەرەتا بۆ تێگەیتشتن لە ''ڤیتا ئەکتیڤا'' کە بە مانای شێوازی ژیانی چالاک و زیندەگی دێت، یان فۆڕمی ژیانی زیندەگی دێت، هانا ئارێنت لە ماناکانی کار، بەرهەمهێنان و مامەڵەکردن نزیک دەبێتەوە. بۆ ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەرستۆتالیس و ئاماژە بەوە دەدات؛ کە لای ئەرستۆتالیس چەمکی ئازادی لە کاتی وەدەستهێنانی



شتە پێویستەکانی ژیان، لە کاتی کارکردن و بەرهەمهێناندا فۆڕمی خۆی لەدەست دەدات. بە ڕای ئەو؛ کارکردن و خۆبەستنەوە بە کار و بەرهەمهێنانەوەی ماتریاڵی، مانای ئەوەیە شێوازی ژیانی ئازادت تێک چووە، ئیدی تۆ چیی تر (خاوەنشکۆی کاتی خۆت نیت). لەم بارەیەوە هانا ئارێنت دەڵێت:

*''وشەی (ڤیتا ئەکتیڤا) دەست بۆ سێ کاری سەرەکیی مرۆڤ دەبات؛ یەکەم کارکردن و دووەم بەرهەمهێنان و سێیەمیان مامەڵەکردن. ئەم سێیانە کاری سەرەکیی مرۆڤن، چونکە هەر یەکێکیان بنەمای سەرەکیی مانەوەی جۆری مرۆڤن لەسەر زەوی ...''*

*بڕوانە: Hannah Arendt: Vita Activa, Piper Verlag 2013, S16*

لێرەوە کارکردنی مرۆڤ و مەرجە مرۆییەکانی ژیان و پابەندبوون پێوەی و مامەڵەکردن لەگەڵیدا و بیرکردنەوە لێی، شێوازی ژیانی مرۆڤ دیاری دەکات. بە دیوێکی تردا ڤیتا ئەکتیڤا مانای هەڵبژاردنی شێوازی زیندەگییانەی ژیانە، فۆڕمی ژیانی ئازادانەیە. هەروەها بەرهەمهێنانی فیکرە، دونیابینی و چاودێریکردن و بیرکردنەوەیە لە ژیان و جۆری مامەڵەیە لەگەڵ دونیا. بێگومان کۆی هەڵبژاردنی `شێوازی ژیان` بەر سیستمی دەوڵەت و دەسەڵاتەکان دەکەوێت، کە شارە بە مانا سیاسییە گریکییەکەی (پۆلس- Polis ). بەڵام (شار یان پۆلس) لە فۆڕمی دەوڵەت و ئیدارەدا پێچەوانە دەبێتەوە لەگەڵ ئازادیی هەڵبژاردنی شێواژی ژیاندا، چونکە حاکم و دەوڵەتداری و فەرمان جێبەجێکەر پێچەوانەی بیرکردنەوەن، سوستێم لەجیاتی تۆ بیردەکاتەوە، کە ئەمەش هەر مانای کۆیلەبوون دەگەیەنێت.

گەر ئەم چەمکە پابەند بکەینەوە بەو (خودە کوێر و بیرنەکەرەوەیە)ی `ئادۆلف ئایشمان` کۆی ئەو کۆپییانەی ئایشمان دەبینین کە ئەمانە برغویەکی جێبەجێکەرن لە مەکینەی جینۆساید و کوشتندا. لێرەوە دەتوانین لە سروشتی حوکمدار و کاربەدەستی مودێرن تێبگەین کە سروشتێکی بیرنەکەرەوەی هەیە. سروشتێک، مۆدێرنە و جەنگ و چەوساندنەوەی مرۆڤی پێ بەرهەم دەهێنێت.

چەمکێکی دیکە کە هانا ئارێنت جەختی لێ دەکاتەوە ڤیتا کۆنتێمپلاتیڤا (vita conteplativa)یە بە مانای (زیندە تێڕامان)ە و چالاکییە ڕۆحییەکانی هۆشمەندی مرۆڤە، کە ئەمەش لە ترادیتسیۆنی کریستدا جێگیر بووە. بەمەش ڤیتا کۆنتێمپلاتیڤا مانای جیاوازی هەیە لە ڤیتا ئەکتیڤای زەمەنی نوێ کە لە سەدەی حەڤدەوە دەست پێدەکات، بەوەی ڤیتا ئەکتیڤا یان ژیانی چالاک و زیندەگی لە سەدەی حەڤدەوە کە سەرەتاکانی مۆدێرنەیە، کارکردن و بەرهەمهێنان زاڵ دەکات بەسەر چالاکییە هزری و ڕۆحییەکانی مرۆڤدا. لێرەوە ڤیتا کۆنتێمپلاتیڤا ئەو چوونە ناوەوەیە بۆ کاری فیکر، بۆ نێو هزر و عیرفانییەتی کریستومی. بەو مانایەی کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا چەمکی ڤیتا ئەکتیڤای کریستیومی خۆی بە ڤیتا کۆنتێمپلاتیڤا پێناسە دەکرد و سەرچاوەکەی خۆی لەم چەمکە گریکییەی ئەرستۆ وەردەگرت، وەک ئەرستۆ دەڵێت؛ کە کاری نەمر بێوشە (Wortlos)یە یان وەک پلاتۆن دەڵێت نەگوتراو (Unaussprechbar)ە. بەڵام بە ڕای هانا ئارێنت لە سەدەی حەڤدەوە کە زەمەنی نوێیە، ئەم هاوکێشەیە دەگۆڕێت. ئیدی زەمەنی نوێ لەم سەدەیەوە دەست پێ دەکات، لەم سەدەیەوە کارکردن و بەرهەمهێنان و مامەڵە پیرۆز دەکرێن. لەم سەدەیەوە بیرکردنەوە و مامەڵە یان (Handeln und Konteplativa) یان هەردوو ڤیتا ئەکتیڤا و کۆمپلاتیڤا تێکەڵی یەکتر دەبن.

ئەم کارە ڕۆحییە لای ئەرستۆ لە بواری سیاسەتدا خۆی بەرجەستە دەکات. لای (پلاتۆ- Plato) بۆ نموونە لەو چوونە نێو ئەشکەوتەدا دەیبینێت، کە مرۆڤ تەنها ڕیالّی خۆی دەبینێت بەوەی دەیەوێت دوور لە مرۆڤ بێت، بە مانایەکی دیکە دوورکەوتنەوەیە لە خەڵکی. بەم شێوەیە مرۆڤ لە پەیوەندیی ژیاندا تاوێک کۆیلەیە و، تاوێک ڕادەکات بۆ بیرکردنەوە لە ژیان، چونکە مرۆڤ دەیەوێت ئازاد بێت وەک خواوەندەکانی گریک نەمردوو (Todlos) بێت و ئەوەندەش کار بکات بۆ ئەوەی بە نەمری بمێنێتەوە. بۆ جیاوازی لەنێوان ئەم دووانە پەیوەند بە کار و کردەوە و بەرهەمهێنان و مامەڵەوە هانا ئارێنت جیاوازی لەنێوان ئەم دووانەدا (نەمردوویی ـ نەمری) دادەنێت.

ئاوەها خولیای دیکتاتۆرەکان ئەوەیە کە نەمر بن و مردنی خۆیان نابینن. جا لەبەر ئەوەی مرۆڤ ناتوانێت ببێت بە نەمردوو وەک خواوەند، هەوڵ دەدات لە ڕێگەی کار و کردەوەیەوە بگەڕێتەوە بۆ ناو بەهەشتەکانی خواوەند و نەمردوو بێت. هەندێکیش دەیانەوێت جگە لە نەمردوویی، بەدرێژاییی زەمەن لەناو یادەوەری و نەوە لە دوای نەوەی سەر ئەم زەوییە بمێننەوە. دەیانەوێت کار و بیرکردنەوە و هزریان نەمر بمێنێتەوە و باکیان بەوە نییە کە دوای مردن ببنە نەمردوو یان نا. لێرەوە فەلسەفەی یۆنانی بەتایبەت `سۆکراتۆس و پلاتۆن` چەمکی `نەمری` جیا دەکەنەوە لە `نەمردوویی` وەک بەشێک لە فەلسەفەی مێتافیزیکی نەمری مانایەک وەردەگرێت لە هۆشمەندیدا، بە مانای مرۆڤ لە ڕێگەی کرداریانەوە دەتوانن نەمر بن، تەنانەت هەموو خواوەندەکانیش ناتوانن نەمر بن، ئەوانە نەمردوون، بەڵام نەمر نین.

وەک ئاماژەم پێ دا، گرفتی نا-بیرکردنەوەی خراپەکاران و دیکتاتۆرەکان لەوەدایە نایانەوێت بیر لە مردنی خۆیان بکەنەوە و بیریان دەچێتەوە کە مردوولەبەرن و دەمرن. ئالکایمۆن (Alkaimon) پاڵەوانێکی یۆنانییە دەڵێت؛ مرۆڤ تاکە بوونەوەرێکە کە نایەوێت خۆی بە کۆتایی خۆیەوە پابەند بکات. (بڕوانە؛ Hannah Arendt, Vita Activa, Piper Verlag 2013, S29)

لێرەوە سروشتی مرۆڤ وەهایە کە بیر لەوە ناکاتەوە کە `مردنی لەبەرە` و بوونەوەرێکی `مردوولەبەرە`. مرۆڤ دەیەوێت هەم نەمرێت و لە ئەگەری مردنیشیدا کارێک بکات ناوی بە نەمری بمێنێتەوە. یەکەمیان دەیەوێت لە ڕووی جەستییەوە نەمرێت و دووهەمیان لە ڕووی ڕەمزی و مەعنەوییەوە یادی نەمر بێت. بێگومان ئەمە دیوە نێگەتیڤەکەی ئەم کێشەبەندییە فەلسەفی و سایکۆلۆژییە، بەوەی، ئەقڵی جێنۆسایدکار وەها مەزندە دەکات کە بە لەناوبردنی ڕەگەزێکی دیکە، ڕەگەزی خۆی هەم بەردەوام دەبێت لە ژیان و زیاتر دەژی و هەم بە نەمریش لە یادەوەریی جیهاندا دەمێنێتەوە. بێگومان ئەمە تێزی ناسیۆنال سۆسیالیزم و فاشیزمی ئیتاڵی بوو لە دژی جولەکەکان. لێرەوە بە هەمان ئەقڵییەت؛ ئەنفالچییەکان، پان عەرەبیزم و ئێرانیزم و تورانییەتی شۆڤێنی لەو بڕوایەدان بوونی کورد ڕێگرە لە بوونی ئەوان، هەروەها بوونی ڕێگرە لە نەمریی ئەوان لەنێو جیهاندا. ئەوەی کە ئەم ئەقڵییەتە جینۆسایدکارە تێی ناگات، ئەوە یاسای زیندەگییە، ئەکتیڤیایەی ژیانە، بە گوزارشی هانا ئارێنت؛ بەوەی هەموو بوونەوەرەکان مردنلەبەرن و دواجار لە خاکدا شین دەبنەوە.

*. نووسەر و ڕۆماننووس

## سەرچاوەکان


1.Hannah Arendet: Wahrheit und Politik, Klaus Wagenbach Berlin 2006.

2. Hannah Arendt: Vita Activa, Piper Verlag 2013.

3. Hanna Arendt, Eichmann in Jerusalem. Ein Bericht von der Banalität des Bösen, Piper 1985.


# « وتوویژ »